# بزوتنەوەی ڕوانگە و پەیامی یاخیبوون

**ئاوارە فەرەیدون قادر[1]، لوقمان ڕەئوف عەلی[2]**

[1] کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.
[2] پەیمانگەی تەکنیکی کوردستان، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە-** ئەم توێژینەوەیە ( بزوتنەوەی ڕوانگەو پەیامی یاخیبوون)، توێژینەوەیەکی تایبەتە لەسەر پەیامی یاخیبون لە لای بزوتنەوەی ڕوانگە، کە لە بەیاننامەکەیاندا بەیانیانکرد، کە وەک ئاشکرایە ئەم بزوتنەوەیە بزوتنەوەیەکی ئەدەبی ڕەخنەیی بوو، لە هەلومەرج و بارودۆخێکی دیریکراودا سەری هەڵدا و لەکاتی خۆیدا مشتومڕێکی زۆریان نایەوە، بە شێوەیەک دەکرێ بڵێین تا ئێستاش کاریگەریەکانی ماوە و جێگەی باسی نێو کۆڕ و لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکانە، ئەم بزوتنەوەیە بزوتنەوەیەکی یاخی بوون و خاوەنی پەیامێک بوون، بۆ شڵەقاندنی ئەو گۆمی چەقبەستوییەی ناو ئەدەب و سیاسەت و کۆمەڵگا.. لە پێناو هێنانە کایەی ژیانێکی ئاسودە و یەکسان و دادپەروەر بۆ سەرجەم ئەندامانی کۆمەڵگا.

نوسەرانی گروپی ڕوانگە کەسانێک بوون، خاوەن ئایدیاو ڕوانینی جیاوازبوون بۆ ئاسۆ، لەبەر ئاگاداربوون لەو ڕەوت و بزوتنەوە نوێخوازانەی کە لە جیهاندا ڕوودەدەن و گەشەدەکەن و ئامانجەکان دەهێنەدەی، ئەمانیش دەیانویست هەمان هەنگاو بگرنە بەر، بۆئەوەی لە شۆڕش و کاروانی نوێگەری دوانەکەون و لەگەڵ ڕەوتی ژیانی نوێگەریدا هەنگاو بنێن، کەواتە نوسەرانی گروپی ڕوانگە لەو کاتەدا دەنگێکی ئازا و بوێر بوون و بەبێ گوێدانە هیچ بەربەستێک، بە بیر و قەڵەمەکانیان پەیامێکی نوێ و شێوازێکی نوێیان ڕاگەیاند، هەموو ئەمەش لەپێناو گەشەدان بە ئەدەب و ڕۆشنبیری و سەلماندنی توانا و پێگەی نوسەر و ئەدەبی کوردی بوو، بەبەراورد بە نوسەر و ئەدیبانی ڕۆژهەڵات و جیهان.

**وشە کلیلییەکان:** ڕوانگە، یاخیبوون، پەیام، کاریگەری.

## پێشەکی

بزوتنەوەی ڕوانگە، بزوتنەوەیەکی ئەدەبی بوو لەلایەن چەند نوسەرو شاعیرێکەوە لەڕێکەوتی ( ١٩٧٠/٤/٢٥ ) ڕاگەیەنرا، ئەگەرچی پێشتر بیرۆکەکە هەبوو، بەڵام لەم ساتەدا و بەهۆی ڕێککەوتنامەی ئازاری(١٩٧٠)ی نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول و حکومەتی عیراق، ئاسۆیەکی نوێی هەم بۆ ئەدەب و هەم بۆ ڕاگەیاندنی ئەم بزوتنەوەیە هێنایەئاراوە، واتە بزوتنەوەی ڕوانگە بزوتنەوەیەکی ئەدەبی و ڕەخنەیی بووەو ساتی ڕاگەیاندنەکەش، پەیوەست بوو بەو بارودۆخەی کە لەو ساتەدا، دانوستان لەنێوان شۆڕش و حکومەتی عیراقدا هەبوو، ئەمەش بووە دەرفەتێک بۆ خستنەڕووی ئەو بیرو ئایدیایانەی، کە ئەم بزوتنەوەیەی بۆ کۆبووەتەوە، بەمانایکی تر بزوتنەوەی ڕوانگەو ئەو پەیامەی کە لەسەری ڕێککەوتوون، دەرئەنجامی ئەو بارودۆخە سیاسییە بوو، کە لە عیراقدا هەبوو، چونکە ئەو بارودۆخە سیاسییەی ڕابردوو، وایکرد گروپی ڕوانگەو هەندێکی تریش، لە زۆر ڕووەوە یاخیببن ، چونکە بەشێوەیەکی گشتی بووبووە بەربەست لەبەردەم کارکردنیان، تەنانەت بیرکردنەوەشیاندا، بۆیە یاخیبوون بریتی بوو لە بەشێکی واقیعی سەردەمی حیزبی بەعس، لەبەرئەمەش پەیوەندی گروپی ڕوانگە و سەردەمەکەی، پەیوەندیەکی زۆر بەهێزە، بەشێوازێک پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە کار و کۆمەڵگە و کێشەکانییەوە هەیە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە کارکردنە لەسەر یاخیبوون بەگشتی و یاخیبوون وەک پەیامی سەرەکی بزوتنەوەی ڕوانگە بەتایبەتی، لەم وتارانەدا کۆی پەیامی یاخیبوونی بزوتنەوەکە، لەسەر بنەمای ڕوانینی ئەندامانی گروپەکە و ئەو بەیاننامەیەی کە ڕایانگەیاندووە دیاریکراوە، بۆیە پێکهاتووە لە دوو بەش، لە بەشی یەکەمدا باس لە چەمک و پێناسەی یاخیبوون کراوە، لەگەڵ هۆکارەکانی یاخیبوونی گروپی ڕوانگەو یاخیبوون وەک ئامرازی داهێنان و بزوتنەوەی ڕوانگەو ڕەخنە ئاراستەکراوەکان، لە بەشی دووەمیشدا باس لە جۆرەکانی یاخیبوون لەلای بزوتنەوەی ڕوانگە کراوە، تیایدا جۆرەکانی یاخیبوون (یاخیبوونی سیاسی، یاخیبوون لە نەوەی کۆن، یاخیبوون لە دەسەڵات، یاخیبوون لە ئاین، یاخیبوونی ئەدەبی، یاخیبوونی کۆمەڵایەتی) کراوە، بۆ هەریەکەشیان هۆکار و ڕەنگدانەوەکانیان خراونەتە ڕوو.

### سنوری لێکۆڵینەوەکە:

لەپێناو دەرخستنی بیرو ئایدیاو ڕادەی یاخیبوونی گروپی ڕوانگە، تانها کار لەسەر( وتاری شێرکۆ بێکەس و وتاری دەستەی ڕوانگەو بەیاننامەی ڕوانگە) کراوە.

### گرنگی لێکۆڵینەوکە:

1. خستنەڕووی ماناو مەبەستە سەرەکییەکانی بەیاننامەکە.
2. دیاریکردنی جۆرەکانی یاخیبوون لای گروپی ڕوانگە، لەپێناو ناساندنی سەردەم و بارودۆخەکە.
3. دەرخستنی ڕادەی جیاوازی ڕوانین و داخوازی گروپی ڕوانگە.

مجلة جامعة التنمية البشرية
المجلد 8، العدد 4(2022) ؛ عدد الصفحات (9)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v8n4y2022.pp113-121
ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 3 آب 2022؛ قُبل في 11 أيلول 2022؛ نُشرت في 30 تشرين الأول 2022؛
البريد الإلكتروني للمؤلف : awara.qadir@univsul.edu.iq, luqman.ali@kti.edu.krd
حقوق الطبع والنشر ©2022 ئاوارە فەرەیدون قادر، لوقمان رەئوف عەلی. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

**ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:**

1. ناساندنی هۆکارەکانی یاخیبوونی گروپی ڕوانگە لەم قۆناغەدا.
2. چۆنیەتی ڕەنگدانەوەی جۆرەکانی یاخیبوون لە بەیاننامەی ڕوانگەدا.
3. دیاریکردنی دیارترین جۆری یاخیبوون لای ڕوانگەو خستنەڕووی هۆکارەکەی.
4. بەردەوامی و مانەوەی گروپی ڕوانگە.

## بەشی یەکەم:
## چەمك و پێناسەی یاخیبوون

یاخیبوون دیاردەیەکی کۆنە و لەگەڵ بوونی مرۆڤدا هەبووە، چونکە بە سروشتی حاڵ، مرۆڤ بەردەوام ململانێی لەگەڵ دەوروبەری خۆیدا هەبووە، بەهۆی ئەمەشەوە یاخیبوون سەریهەڵداوە، لە نێو شیعری کلاسیکی کوردیدا، یاخیبوون نەبۆتە دیاردەیەکی ناو کۆمەڵگەی کوردی، بۆیە ڕەنگدانەوەی دیاری نەبووە، بەڵام لە شیعری نوێ بەدواوە، بەهۆی گۆڕانکاری لەسیستەمە سیاسییە یەک لەدوا یەکەکان، یاخیبوون بووەتە بەشێک لە بیرکردنەوەی خەڵکی بەگشتی و شاعیران و نوسەران و دواتریش گروپی ڕوانگە بەتایبەتی و ئەم یاخیبوونەش لە دەقەکانیاندا ڕەنگیداوەتەوە.

سەبارەت بە بەکارهێنانی وشەی یاخیبوون، یان سەرهەڵدانی ئەم زاراوەیە لەدەقدا، یەکەمجار وشەی یاخیبوون بۆ جیابووەکان لە کەنیسەی بەریتانی(dissenters) بەکارهاتوە "( الخطیب، 1967، 20)، بەڵام لەڕاستیدا یاخبوون هەر لەسەرەتاوە لەگەڵ بوونی مرۆڤ و درووستبوونی کۆمەڵ و کۆمەڵگەو سەرهەڵدانی داب و نەریتەکان، بونی هەبووە و بەشێك بووە لە ژیان.

فیورباخ دەڵێت" لەبنچینەدا یاخیبوون، یاخیبوون بووە لەئاین، ئەمەش بووەتە بنچینەی یاخیبوونی فەلسەفی و کۆمەڵایەتی، هیگڵیش پێیوایە یاخیبوون لە ناوجەرگەی کۆی ژیاندایە، مارکسیش پێیوایە یاخیبوون لە کار و هاوەڵەکانی مرۆڤدایە، هەرچی (کۆڵن ویلسن)ە دەڵێت"یاخیبوون نەخۆشی سەدەی بیستەمە" (العشماوی، ١٩٨٦، ٥١).

کامۆ یەکێکە لەو فەیلەسوفانەی کە بەوردی کاری لەسەر ئەم چەمکە کردوە، بەلایەوە یاخیبوون ( بەڵێ) و (نەخێر) ە، چونکە بەلایەوە زۆربەی یاخیبووەکان نێگەتیڤن، بۆنموونە بەندەیەك لە فەرمانی خاوەنەکەی یاخی دەبێت، لەمەشدا ڕەگەزێکی پۆزەتیڤ هەیە، چونکە لە دەروونی خۆیدا ئەوە دەخاتەڕوو، چی دەبێت ئەگەر کارەکەی بە گوێ نەکەم، کە رقم لێیەتی"( لوبیسك، 125،1985) ئەلبێرت کامۆ لە کتێبی (مرۆڤی یاخی)دا ئەوە دەخاتەڕوو، کە مرۆڤ بە سروشتی حاڵ بۆ زۆر لە شتەکان، یان دەڵێت نەخێر و ڕەتیدەکاتەوە، یاخود دەڵێ بەڵێ، ئەمەش دانانی سنورە بۆ شتەکان، بۆیە چەمکی یاخیبوون لای کامۆ، واتە شۆڕش و ڕەتکردنەوەی بۆ بارودۆخێک"(بدوي، ١٩٨٠، ٢١٩).

کامۆ لە ئەفسانەی سیزیفدا ئەوە دەخاتەڕوو، کە جیهان شیاوی تێگەیشتن نییە، لەگەڵ ئەمەشدا سوورە لەسەر ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم جیهانە داخراوە، ئەمەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە یاخیبوون لای فەیلەسوف و نوسەرو گروپی ڕوانگە، هەڵوێستێکی بوونگەرایە، لەپێناو تێگەیشتندا، واتە نوسەر دەیەوێت بوونیەتی خۆی وەك کەسێکی نوسەر بخاتەڕوو، دیکارت بوونیەتی خۆی لە وتە بەناوبانگەکەی ( من بیردەکەوە، کەواتە هەم) بوونیەتی خۆی سەلماند، بەڵام لای کامۆ ئەم بوونیەتە بوو بە ( من یاخی دەبم، کەواتە هەم)، ئەمەش ڕوانینی هونەری فەلسەفەی یاخیبوونە، ڕەتکردنەوەی ئەوەی کە هەیەو ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو سروشت و واقیعەی کە هەیە.

بە بڕوای کامۆ" شۆڕش دەرئەنجامی لۆژیکی یاخیبوونە، بەڵام یاخیبوون هەڵوێستی زهنی و عەقڵییە، لەگەڵ ئەوەی شۆڕش جێبەجێکردنی ئاشتیانەی چەمکی یاخیبوونە"( زکریا،1965، 53)

یاخیبوون بریتییە لە یاخیبوون لە دەوروبەرو سروشت و هاوڕێ و...تاد، تەنانەت خودی خۆشی، بەوەی کەسەکە خۆی لە ژینگە داماڵێت، بۆئەوەی ببێتە کەسێکی تاك و کیانێکی سەربەخۆ، سەیری خۆی و ئەوانی دی و جیهان دەکات، کە کیانێکی نامۆو سەرسامن.( شاخت، 1980، 41) ، یاخود بریتییە لە هەڵوێستەکردن بەرامبەر دیاردەو هەڵوێستەکان بە ئاراستەی پێچەوانەیی، بەڵام بەڕوانینێکی پۆزەتیڤ، یان نێگەتیڤ.

یاخیبوون دەرئەنجامێکی تەواوی هەستکردنی نەستە بە یاخیبوون، محمد راضي جعفر دەڵێت" یاخیبوون حاڵەتێکی مرۆیی و دەروونی کۆمەڵایەتییەو دەست بەسەر تاکدا دەگرێت و دەیکاتە نامۆو دورخراوە لە واقیعی کۆمەڵایەتی" (جعفر،17,1995)

د. قیس نوری دەڵێت"بریتییە لەو کێشانەی، کە ڕووبەڕووی مرۆڤایەتی دەبنەوە، جگەلەمەش هەستی تاکەکانە لە کۆمەڵگە جیاوازەکان بە دابڕاوی و شکست، لە نەهێنانەدی هەندێك لە ئامانجە سەرەکییەکان لە ژیاندا" (شاخت،1980، 28) والتر کاوفمان دەڵێت"یاخیبوونە لەدژی هەموو ئەو شتانەی، کە لە ئارادان"( شاخت،1980، 28).

لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتیشەوە، زانایانی کۆمەڵناسی پێیانوایە (یاخیبوون دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و لە خراپ گونجاندن لەگەڵ یاساکانی کۆمەڵگەدا، کە بەسەر تاکدا دەسەپێنرێن کورتدەکەنەوە).( رحمة ، 4,2012).

کەواتە یاخیبوون لەم ڕوانگەوە بریتییە لە هەڵنەکردن، یان نەگونجاندنی مرۆڤ لەگەڵ کۆمەڵگە و یاساکانیدا، بۆیە هانا بۆ هەڵهاتن و دورکەوتنەوە دەبات، جگەلەمەش یاخیبوون لەکارە هونەری و ئەدەبیەکاندا، لەدەوری بابەتی لادانەکان و نەیاری نارەزاییەتیەکاندا دەسوڕێتەوە، (العزب، 7)

یاخیبوون لە مرۆڤدا نییە و لە جیهانیشدا نییە، بەڵکو لە بەیەکگەیشتنی ئەم دوانەدا هەیە، بۆیە یاخیبوون لەم بازنەیەدا لەگەڵ مرۆڤ و گەردوندا بوونی هەیە و لەناودەچێت، (من یاخی دەبم، کەواتە من هەم)، ئەمەش فەلسەفەی یاخیبوونە لە هونەردا و ڕەتکردنەوەی گەردونە بەوەی هەیە، نارەزایی بوون لە سروشت و کارکردنی مرۆڤ بۆ دەرچوون لەمە، (العزب، 8) هەربۆیە کامۆ پێیوایە یاخیبوون، واتە ڕەتکردنەوەی تەواوی چارەنوسی مرۆڤ، واتە ڕەتکردنەوەی هەموو ئەو بارودۆخەی بووەتە چارەنوسی، بەوەی مرۆڤێکی لاواز و کۆتا هاتووە، ئەم جۆرەش ناودەنێت یاخیبوونی میتافیزیکی. (محمد، 1984، 20-21) بۆیە کەسی یاخیبوو لەبەر نالەباری دۆخەکە( سیاسی، کۆمەڵایەتی.....تاد) نایەوێت شکست، یان دان بە دەستەوەستانی خۆیدا بنێت، بۆیە یاخی دەبێت لە هەموو شتەکان و باشترین ڕێگەو هۆکاری ڕاگەیاندنی ئەم یاخیبوونە، ئەدەبە.

**هۆکارەکانی یاخیبوونی گروپی ڕوانگە:**

سەردەمی ڕوناکبیری و هوشیاری، لە نوێکردنەوەو بزوتنەوە نوێگەرییەکانەوە دەستپێدەکات و شیعری نوێی کوردیش لە ساڵانی بیستەکانی سەدەی ڕابردووەوە

سەرەتاكانی دەستپێدەكات، بەڵام لەدوای شۆڕشی ساڵی(١٩٥٨) ئیدی زەمینەی یاخیبوون بوو بە بەشێک لە پێكهاتەی شیعری كوردی.

گروپی ڕوانگە و نوسەرانی گروپی ڕوانگە كەسانێک بوون، خاوەن ئایدیاو ڕوانینی جیاوازبوون بۆ ئاسۆ و لەبەر ئاگاداربوون لەو ڕەوت و بزوتنەوە نوێخوازانەی جیهان، ئەمانیش دەیانویست هەمان هەنگاو بنێن، بۆئەوەی لە كاروانی نوێگەری دوانەكەون، بۆیە هەر كە ڕێگرییان بۆ دروستبوو لەلایەن دەسەڵات و پیاوانی ئاینییەوە، یاخیبوون لە پیاوانی دەسەڵات و ئاین و دژی كەوتنە ژێر ڕكێفی ئەمانە وەستانەوە، بەشێوازێک گەیشتنە قۆناغی یاخیبوون لە كۆمەڵگە و ئەدەبیش، واتە ئەو ئەدەبەی كە لەو سەردەمەدا هەبووە و داوای ئازادییان دەكرد، لە ڕوانگەی (بیری، كۆمەڵایەتی، ئاینی، ئەدەبی،...)، بەمەش مانای یاخیبوونیان لەو ژیان و واقیعەی، كە لە عیراقدا هەبوو بەرزكردەوە و پێشیان وابوو بەهۆی یاخیبوونەوە داهێنان دەكەن.

ئەندامانی گروپی ڕوانگە لە ڕوانگەی ئەدەبییەوە، بەهۆی كاریگەربوونیان بە بزوتنەوەی ڕۆشنبیریی و گۆڤارو و.....تاد ئەدەبییە جیهانی و عەرەبییەكان، بڕیاری یاخیبوونیان دا لەپێناو ڕاگەیاندنی ڕەوتێكی نوێ، لەڕوانگەی سیاسیشەوە هەلومەرجی سیاسی عیراق و هەرێمی كوردستان، بارودۆخێكی داپڵۆسێنەر بوو، بۆیە لەم دەسەڵاتە یاخیبوون و دەنگی شۆڕشگێڕییان بەرزكردەوە، لەرووی كۆمەڵایەتیشەوە ئەوەندە دواكەوتویی و هەستكردن بە جیاوازی لەنێوان ژن و پیاو بەئاشكراو كاركردن لەسەر بیرە دواكەوتوەكان، بۆیە یاخیبوون، بە مانایەكی تر یاخیبوونی گروپی ڕوانگە، یاخیبوونێكی بەرفراوان و هەمەلایەنە، لەپێناو گۆڕینی ژێرخانی ئەدەبی و سیاسی و كۆمەڵایەتی و.....تاد كۆمەڵگەو هوشیاركردنەوەیان، بەو شێوازەی كە گروپی ڕوانگە دەیخوازێت، كەواتە هۆكارەكانی یاخوبوونی گروپی ڕونگە بریتین لە:

1. نەبوونی ئازادی بیروڕاو نوسین لەوسەدەمەدا.
2. دواكەوتوویی كۆمەڵایەتی و كلتوری و.....تاد.
3. زاڵبوونی بیروڕای ئاینی بەسەر كۆمەڵگەدا.
4. پێیانوابوو ئەدەب لەقۆناغی وەستاندایەو پێویستی بە ڕاچڵەكین هەیە، بۆئەوەی لەگەڵ ڕەوتە نوێكانی سەردەمەكە هەنگاو بنێن.
5. بەئاشكرا جیاوازی لەنێوان ژن و پیاو لەكۆمەڵگەدا دەكرا.
6. چەقبەستوویی نوسینی هەندێک لە نوسەرانی سەردەمەكە.

## یاخیبوون وەک ئامرازی داهێنان:

شاعیرانی گروپی ڕوانگە بۆئەوەی خۆیان لەقوتابخانەی گۆران دابماڵن، دژی تەواوی ئەدەبی ئەم سەردەمە وەستانەوە، تاوەكو بتوانن بە بیركردنەوەیەكی جیاواز، بەرهەمێكی نوێتر و تایبەت بە خودی خۆیان بهێننە گۆڕێ، ئەمە بۆ نوسەرەكانی تریش بە هەمان شێوە بوو، بۆیە زۆر لە دەربڕینەكانیان چ لە وتارەكەیان، یان لەبەرهەمە ئەدەبیەكانیاندا، ئەم حاڵەتە بە ئاشكرا دەبینرێت.

گروپی ڕوانگە یاخیبوون بۆئەوەی گوزارشت لە خودیان بكەن، بە شێوازێكی تایبەت و جیاوازتر نەک وەک ڕابردوو، بۆیە ڕۆحێكی زیندویان بەخشیەوە بە ئەدەب، بەهۆی ئەمەشەوە هەڵچونە خودییەكان زاڵبوون بەسەر كارە هەستیەكانیان و بەرهەمەكانیان ڕەنگدانەوەی بابەتی نوێ و جۆرێک لە داهێنان بوون، بۆیە بەرهەمەكانیان گوزارشتێكی ڕاستگۆیانە بوو لە ئەزمونی كەسی و موعاناتی هەستپێكراوی خۆیان.

یەكێک لەو تایبەتمەندیانەی ئەم یاخیبوونەی هێنایە ئاراوە، ئازادكردنی زمان و بیرە لە دەقە ئەدەبیەكاندا، چونكە لە ئەنجامی زۆری شیعر، زمان چالاكی و زیندویەتی خۆی لەدەستدابوو، تەنها وەک هێما و دەربڕاو مابووەوە، بۆیە ئەم شێوازەیان گرتەبەر، بۆئەوەی گوزارشتێكی نوێ بۆ دارشتن و ماناكانی شیعر دابنێن، تاوەكو لەگەڵ سەردەم و كێشەكاندا بدوێ و بگونجێ، چونكە هەموو مرۆڤێک دەیەوێت بەو شێواز و هۆكارە بەرەوڕوی ژیان ببێتەوە، كە خۆی دەیەوێت، خودی گروپی ڕوانگەش، دەیانویست ئەم ڕێگەیە بگرنەبەر بۆ ڕوبەڕوبونەوەی واقیعی ڕوداو و سەردەمەكەیان، زمانی شیعریش یەكێک بوو لەو هۆكارانەی توانی بەوردی و ڕوونی هەموو سیمای شارستانی و مەبەستەكان لەخۆبگرێت.

شێركۆ یەكێک بوو لەوانەی زۆر بەئاشكرا ڕێگەی یاخیبوونی لە دەسەڵات و كۆمەڵگە و ئەدەب گرتەبەر، یان بە وردتر یاخیبوون لە ژیان، بۆیە داوای گوێگرتن و شوێنكەوتنی ئەو بەرنامەیەی دەكرد، كە ڕوانگە ڕایگەیاندووە.

لە ڕوانگەی واقیعی سیاسیەوە، شێركۆ بەسروشتی حاڵ كەسێكی شۆڕشگێڕ بووە، لەگەڵ ئەوەی پێشتر بەشداری خەباتی سیاسی و شاخی كردووە، بۆیە بەبەردەوامی بەم گیانەوە و لە ڕێگەی وشەوە، یاخیبوونی خۆی لە دەسەڵاتی سیاسی ڕاگەیاندووە، هەریەكە لە (جەلالی میرزاكەریم، شێركۆ بێكەس، جەمال شارباژێڕی) وەک شاعیر و لەشیعرەكانیاندا یاخیبوونیان لە زمان و قاڵبی شیعریی و ئایدیادا ڕاگەیاند، هەریەكە لە حسین عارف، كاكە مەم بۆتانی)ش بەهەمانشێوە لە ڕۆمان و چیرۆكەكانیاندا دژی ئەو دابونەریت و دەسەڵاتە یاخیبوون.

## بزوتنەوەی ڕوانگەو ڕەخنە ئاراستەكراوەكان

دوابەدوای بڵاوكردنەوەی دوو بەیاننامەی دیاری بزوتنەوەی ڕوانگە، بیروبۆچوون و ڕەخنەی جیاواز، ئاراستەی ئەم بزوتنەوەیە كرا، كۆی ئەم ڕوانین و ڕەخنانەش، هەڵهێنجان بوو لە پەیامی بەیاننامەكان، بەوەی داواكارییەكان بەو خێراییەو لەو بارودۆخەدا نایەنەدی، بۆنموونە"كۆمەڵانی خەڵک پێیانوابوو كە ڕوانگە تەنها بۆ چینێكی تایبەتی كۆمەڵگە بنوسێت، كە ئەویش چینی ڕۆشنبیرانە و هەرچی جوتیاران و كرێكارانە پشتگوێیان خستووە و هیچیان بۆ نانوسن، هەربۆیە ناوی ڕوانگەیان ناونا بۆرجوازی" ( حەسەن، 2001، 48)، كەواتە ئەم ڕوانینە لەدەرەوە سەرچاوەی گرتوەو گۆڕانكاری تەنها نە بەكۆمەڵێک دەكرێت، نە بۆ كۆمەڵێكە.

یەكێكی تر لەو تێڕوانینانەی لەسەریان هەبوو، بریتی بوو لەوەی كە"یەكێک لەو بەرپەرچدانەوە توند و تیژانەی كە ڕوبەڕویان بویەوە، دانانی ڕوانگە بە حیزب و ڕوانگەییەكان بە كەسانی حیزبی، ئەمەش بووە هۆی بێهێزكردنی ڕوانگە و توشی ڕێگەی داخراوی كرد، لەم بارەیەوە شێركۆبێكەس دەڵێت: "ئێمە توشی زۆر كۆڵانی دەرنەچووش بوین" ( حەسەن، 2001، 39 ).

هەروەها حسین عارف دەڵێت: "ڕوانگە گەیشتۆتە سەر شەقامێكی گیراو، بەردەم دەرگایەكی داخراو، كە ناتوانێت لە ڕۆیشتن و گەشەكردنیا بەردەوامبێت" ( حەسەن، 2001، 39 )، كەواتە بۆچی دوچاری ئەمە بوون، ئایا هۆكارەكەی بزوتنەوەی ڕوانگە بوو، یان دروستكردنی بەربەست بۆیان، ڕاستە بزوتنەوەی ڕوانگە حیزبێک نەبووە، بەڵام بەبێ كاریگەری حیزبی، یان ئایدۆلۆژی نەبووە، چونكە دواجار پەیامی بزوتنەوەكە بەشێكی دانەبڕاو بووە لە ئایدۆلۆژیا، لەم سۆنگەیەوە داواكارییەكانیشی بەهەمان شێوازە، ئەمەش بەڵگە نییە لەسەر لاوازی و بێ كاریگەری بیرو ڕوانینەكان، بۆیە "ئەگەر بەچاوێكی ویژدانەوە بڕوانینە ئەم بیروبۆچونەیان، ئەوا هەرگیز ناتوانین

بڵێین ئەم بیروبۆچوونانە بیروبۆچوونێکی ناپەسەندە و لە خزمەت ئەدەب و کۆمەڵدا نییە، بەڵام مـایەی نیگەرانییە کە نەیانتوانی ئەم بیربۆچوونانەیان بخەنە ناو چوارچێوەیەکی پراکتیکییەوە و نەیانتوانی هەموو خواســـت و مەرامەکانیـان بەتەواوەتی بە ئەنجام بگەیەنن" (حەســـەن، 2001،38 )" کەواتە بیروبۆچوونەکان هەزمکردنی لەلایەن ڕۆشـــنبیرانی ئەو ســـەردەمەوە، ئاســـان نەبووەو بەهۆی کەوتنە ژێر کاریگەری شەپۆلەکەنەوە، ئەم ڕەخنانە سەریانهەڵداوە.

هەروەها شێرکۆ بێکەس دەڵێت"ڕوانگە بەر لەوەی دەق بێت هاوار بوو، بەر لەوەی تێبەڕاندن بێ طموح بوو" ( حەسـەن، 2001 ،34 )، واتە ئامانج و مەبەسـتی پەیامی بزوتنەوەکە لەلایەک شـــڵەقـانی گۆمی ئەدەبی و ڕەخنەیی بوو، لەلایەکی ترەوە بەرزکردنەوەی هاوارە کە نوســـەرانی کوردیش هیچیان کەمتر نەبووەو توانای هەمان هەنگاویان هەیە بینێن، کە لەو سەردەمەدا تراوە، هەر لەبەر ئەمەشە شێرکۆ بێکەس دەڵێت: "بەبیروڕوای من ڕوانگەی ئەدەبی کوردی ئێمە ببوینایە و نەبوینایە، ئەبوایە لەم قۆناغەی ئێســـتای میللەتەکەمانا ســـەری هەڵبایە یان بتەقایەتەوە، واتە ئەبوو بزوتنەوەیەکی تر دروســـت بوایە ئەگەر ڕوانگەش نەبوایە"، هەروەهـا دەڵێـت: "شـــەســـتەکان وەک گۆمێکی مەنگ وابوو، بەڵام ڕوانگە تا ڕادەیەک گۆمەکەی شـــڵەقاند" ( حەســـەن، 2001 ،46 )، ئەم بۆچوونە وەک فاکتێک بۆ هەموو سەردەمەکان دروستە، لەگەڵ ئەمەشدا گۆمەکەی شڵەژان، بەڵام داجار بە شڵەقاندنی گۆمەکە چی بەرهەم هات، ئەمەش ئەو هۆکارەیە کە وادەکات ئەم ڕەخنانە ڕووبەڕووی بزوتنەوەکە بکرێتەوەو خودی نوســـەرەکانیش، وەڵامێکی ڕوون و یەکلاییکەرەوەیان نەداوەتەوە، بەڵام ڕوانگە توانی هەڵوێستە لەسەر ئەدەب و ڕەخنە دروستبکات.

لەگەڵ ئەمانەشـــدا بزوتنەوەی ڕوانگە بۆئەوە دروســـت نەبوو ڕابەرایەتی گۆڕانکاری بکات، بەڵکو هەسـتی بە بەرپرسـیاریەتی قۆناغەکە وایلێکردن ئەم هەنگاوە بنێن، لەم ڕوانگەیەوە جەلالی میرزا کەریم دەڵێـت"بڵاوکردنەوەی ئەم بانگەوازە لەلایەن ئەم شـــەش ئەدیبەوە، بەهیچ جۆرێک ئەوە ناگەیەنێت، کە ئیتر (ببڕە و بکوژ) هەر خۆیانبن و بچنە ســـەر تەختی دەســـەڵاتدارێتی ئەدەبی و حوکمی چاکە و خراپە بدەن بەسەر ئەم نوسین و ئەو نوسیندا" (عارف، 2005، 101).

عەبدول ڕەزاق بیمار دەڵێت "بانگەوازەکەیان بە پەلە و لە ناکاو بوو، چونکە تا ئێســـتا لە مەیدانی نموونەکارییەوە نموونەیەکی لە خەڵک بەدەریان پێ نەداوین، قەڵایەکی تازەیان نەگرتووە کە پێویسـت بە دەرکردنی بەلاغێکی مارش ئامێز بکات" ئا:حسـین عارف، ڕوانگە و یارو نەیارانی، ل٩٢، لەگەڵ ئەمەشدا جەمال شارباژێڕی دەڵێت: "من لەو بڕوایەدام هەموو شـتێک لە گۆڕان و تازەکردنەوەدایە، ئەمە ئەدیبان و ئەدەبیش دەگرێتەوە، بمانەوێ و نەمانەوێت وایە، ڕوانگەش چەسپیوەو دەچەسپێ " (عارف، 2005، 58).

ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی ئەڵێت: " لە ژمارە (٤٨)ی هاوکاری کاک حسێن عارف وتارێکی نوســـیوە لە ژێر ناوی (ڕوانگە لە بانگەوازەکەوە تا ئێســـتا)، کە ســـەرجەم هێرشێکی توند و تفتی تیا کردبووە سەر ئەوانەی لە گەڵیانا نین و مەبەستێ بۆ خەڵکی ناکات، بەڵکو لە بەیاننامەی پارتێکی ســـیاسی ئەچێ کە هەڕەشـــە لە دوژمنانی ئەکا و هێز و بازوی خۆی دەرئەخـات" ئـا:حســـین عـارف، ڕوانگە و یارو نەیارانی، ل١١٣،کەواتە زۆربەی بۆچونەکان لەو ســـۆنگەوەیە کە بەیاننامەکە لەخۆی گرتوە، نەک هەڵســـەنگاندنی بەرهەمی نوســـەرانی گروپی ڕوانگە، خودی بەیاننامەکەش مەبەســـت لێی شـــڵەقاندن و بەئاگاهێنانەوە بووە تاوەکو لێرەوە هەنگاوێکی تر بۆ ئەدەب بگیرێتەبەر.

## بەشی دووەم:

## جۆرەکانی یاخیبوون لەبزوتنەوەی ڕوانگەدا

نوسەرانی گروپی ڕوانگە لەو سەردەمەدا دەنگێکی ئازا و بوێر بوون، چونکە بەبێ گوێدانە هیچ شتێک، بە بیر و قەڵەمەکانیان پەیامێکی نوێ و شێوازێکی نوێیان ڕاگەیاند، خودی ڕاگەیاندنەکە ئازادی و هەڵوێست بوو، ئەگەرچی شەپۆلێکیشی بەدوای خۆیدا نەهێنابێت، ئەمە بەڵگەی لاوازی و خراپی کارەکە نەبوو، بەڵکو لاوازی یەک هەڵوێستی و گوێنەگرتن بوو، یان جۆرێک لە سلکردنەوە بوو، چونکە ئەم بەیاننامەیە گورزێک بوو لەپەیامی سیاسی و ئەدەبی و...تاد ئەو سەردەمە، هۆکارێک بوو لە هۆکاری شۆڕش، یان ئامانجێک بوو لە ئامانجەکانی شۆڕش، بەمانایەکی تر ڕوانگە بووە مێمبەری وەڵامدانەوەی دەسەڵات وەک ڕێگریکردن لە ئازادییەکان(سیاسی، بیرباوەڕ....) و دواکەوتوەکان و پیاوانی ئاینی، چونکە لەو ماوەیەدا بەربەست و ڕێگری لەبەردەم ئازادی و نوێگەریدا هەبوو، گروپی ڕوانگەش وەک هەڵوێستێکی ئایدۆلۆژی و نیشتمانی و نوێخوازی، ئەم بەیاننامەیەیان وەک دژایەتیکردن ڕاگەیاند، هەرچەندە شێرکۆ بێکەس دان بە پەلەکردن لە دەرکردنی بەیاننامەکەدا دەنێت و دەڵێت" پێموایە پەلەکردن لە دەرکردنی بەیاننامەکەدا هۆیەکی ئەو بوار تەسکییەی بوو" (ڕوانگە، 2011، 8)، لەڕاستیشدا پەلەکردنەکەش لەوەوە بوو دەترسان ئەو دەرفەتەش لە دەست بچێت و دەرفەتی تر نەرەخسێت، بۆیە بوونی بەم شێوازە باشترە لە نەبوونی، ئەم بەیاننامانە چەندین جۆری یاخیبوونیان لەخۆگرتووە، لەوانە:

### 1. یاخیبوونی سیاسی:

ئەو جۆرە یاخیبوونەیە، کە لەتەواوی ڕوانین و سیاسەت و کارو....تاد دەسەڵات یاخی دەبێت، یان" ئەو جۆرە یاخیبوونەیە، کەشاعیر لەو دەسەڵاتە یاخی دەبێت، کە دوای مێژوویەکی زۆری کارو خەبات دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی، کە دیسانەوە ئەوەی بەرهەمهات، بەرەو ئەو ئاراستەیە دەڕوات، کە دەبێت بە گوێی بکەین و گوێڕایەڵی بین"( ڕەئوف ،2016 ، 186)، واتە ئەگەر گۆڕانکاری پرەنسیپ نەبێت، ئەوا دیسانەوە دەبنەوە بە ستەمکار بەسەر خەڵکییەوە، لەوسەردەمەشدا تاکە هۆکارو باشترین هۆکاری ڕووبەڕووبوونەوە لەناوشاردا شیعر بووە، عوسمان تەیب دەڵێت" دەڵێن شیعر هاوواتای ئازادی و ئازادکردنە، چونکە ساڵانی حەفتا و هەشتاکان، بەهێزی ئاراستەکردنی شیعری ڕزگاری جیادەکرێتەوە،( الطیب، 2017، 47) ئەم ڕوانینەش بۆ عێراقیەکان دروستە، چونکە لەو ساڵانەشدا دیسانەوە زوڵم و ستەم لە عێراقدا دەستی پێکردبووەوە، لەگەڵ ئەمەشدا بۆ کوردیش ئەگەرچی سەرەتای ساڵانی حەفتاکان، دانوستان بوو، بەڵام دانوستانەکان مەبەستدار نەبوون لەلایەن ڕژێمەوە، بۆیە سەرهەڵدانی ڕوانگە دەرفەتی تەقینەوەی ئەو هێزە شاراوەیەی ناخی ئەدیبان بوو، کە بەهۆی بارودۆخە سیاسیەکەوە پەنگی خواردبۆوەو بەهۆی دەرفەتی دانوستانەوە ئەم هێزە بەدەرکەوت، بۆ نموونە لە بەیاننامەی ڕوانگەدا هاتووە"ئەگەر سەرنجێکی ورد لە بارودۆخی ئەوسای کوردستان و ناوچەکە و دنیای ئەو کاتە بدەین، دەبینین سەرچاوەی ڕوداو و گۆڕانکارییەکان لە هەموو لایەکەوە لە کوڵان و تەقینەوەدابوون، کوردستان چەندین ساڵ بوو شۆڕشی ئەیلول نەخشەی

وڵاتەکەی بەهاتنە کایەی مرۆڤی پێشمەرگە گۆڕیبوو"، "ڕاپەڕینی خوێندکاران لە فەڕەنسا و وەرچەرخانی فیکری نەتەوەیی لە ئەوروپا بەگشتی و لە ئەمریکای لاتینیشدا، سەردەمی شۆڕش و شۆڕشگێڕیتی و هاتنە مەیدانی سەرکردە و ڕەمزی گیان فیداکاری و نمونەی وەک (گیڤارا)ی خولقاندبوو"(ڕوانگە، 2011، 5)کەواتە گروپی ڕوانگە لەئەنجامی کەوتنەژێر کاریگەری گیانی شۆڕشگێڕی دەرەکی، هەروەها هەستکردن بەگیانی شۆڕشگێڕی و......تاد، ئەمانە وایانکرد پەیامی بەیاننامەکە لە گیانێکی سیاسی ئەدەبیدا بنوسن، هەربۆیە دەڵێت"ئێمە کۆمەڵێ شاعیرو نووسەری کوردی ئەو سەردەمە بووین، کە سەرمان پڕ لە خەونی شۆڕشگێڕانە و دڵ و دەروونیشمان پڕ لە حەز و خۆشەویستی بوو، بۆ نوێخوازی و تازەکردنەوەی زمانی شیعر و ئەدەبییات، هەڵبەت ئێمە ئەو کاتە کەوتبووینە ژێر کاریگەری ئەو زریانی شۆڕش و گۆڕانکاریەکانەوە" (ڕوانگە، 2011، 6)، یاخود دەڵێت"ئەو سەدەیە کە مرۆڤ تیایدا دەستەویەخە ڕوبەڕوی ئەو گورگی مردنانە ئەجەنگێت، کە نایەوێت ژیانی لێ بکەنە شانۆیەکی نائومێدی و ورەبەردان و دەستەوەستانی، تا وەک هەر نێچیرێکی لاواز و بەستەزمان" (ڕوانگە، 2011، 15)،یاخود دەڵیت"سەدەی تازە هەزاران سنوری داڕێژراوی لەوبەری بەتەوژمی بیروباوەڕی نوێی شۆڕشگێڕی نەترس و ئازا ڕامالًی و شوێنەواری زۆریشی سڕیەوە، ئەو سەدەیەی کە لە هەموو ڕێبازێکدا گیانێکی تازەکردنەوەی بزواند، لە گشت گوڕبەستنەوەیەکی چوونە پێشەوەیدا، ئەوەی سەلماند کە مانەوە و ژیان هەر بۆ ئەو ڕێچکەی کاروانە شەو شەقکەرانەیە کە بەناو دۆزەخی ئازارو بەربەستیدا ڕێگای ئاوات ئەگرنە بەر" (ڕوانگە، 2011، 15)جگەلەمەش شێرکۆ بێکەس دەڵێت"سەرەتای بیرۆکەکە لە بارەکانی "ئەبی نەواس" بوو لە بەغدا،چونکە ئەوکات جۆرێک لە نائومێدی لای هەریەکێکمانەوە دروستبوو بوو بەرامبەر بزوتنەوە سیاسییەکان، بۆنمونە نائومێدی حسێن عارف، لەقیادەی مەرکەزی، لای من لە قەومیەکان، جەلالی میرزا کەریم ئەوکاتە لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسیدا بوو، بۆیە یەک سەقفی ئایدیۆلۆجی کۆی نەکردبوونەوە، بەڵکو گەنج بووین و خەونمان هەبوو"( عومەر، ،2001،407)، کەواتە ڕوانگە لەئەنجامی هەستکردن بە بۆشاییەک لەلایەن بزوتنەوە سیاسییەکان و فشاری دەسەڵات بەیاننامەکەی لەم قاڵبەدا داڕشتوە، جگەلەمەش ئەندامانی ئەم گروپە بە گیانێکی شۆڕشگێڕی گەنجانەوە، لەم بارودۆخە دەڕوانن و بڕیاردەدەن بچنە ژێر دەرئەنجامەکەی، بۆیە شێرکۆ بێکەس دەڵێت"ڕوانگە گۆمێک بوو ئەبوا بشڵەقێ، ئەوکات باری سیاسی کوردستان بارێکی تایبەت بوو، گەنجەکان بەلای چەپڕەویدا کێشیان دەکرد، بزوتنەوەی سیاسی پێیوابوو ئێمە حزب دروست ئەکەین، یان واجیهەی حزبین، ئەوانەی بەربەستیان بۆ دروست دەکردین چەند ڕووناکبیرێکی سەر بە فیکری مارکسی توندڕەو و دۆگما، ئەوانەی ڕەنگی ڕەش و سپییان قبووڵبوو، لەگەڵ فکری سەلەفی بوو لەمەسەلەی ئازادی ژن"( عومەر،2001، 208 )

کەواتە خودی شاعیران و نوسەرانی گروپی ڕوانگە یەکێک لەو هێزانەی کە کۆیکردونەتەوە، گیان و هێزی شۆڕشگێڕیەو لەم ئاراستەیەوە، یان بەم نەفەسەوە پەیامی بەیاننامەکایان ڕاگەیاندووە.

بەدەرلەمەش لە پوختەی پەیامەکەشیاندا، ئەم جۆرەی یاخیبوونە، بەشێوازێکی ترو و وردتر خۆی دەنوێنێت، واتە بەڕاشکاوی دەیناسێنێت، وەک دەڵێت"مرۆڤی کورد ئەینوسێت... بۆیە بۆ نەتەوەی کورد ئەبێتە مەشخەڵ"جگەلەمەش"لەوێوە دەست پێئەکات کە ئەدیب ئەبێ ئەو جەنگاوەرە بێت، کە بەفیکر و خوێن ڕێگەی بەختەوەری و ئازادی بۆ گەلەکەی ڕۆشن بکاتەوە،... لەوێوە کە ئەبێت ڕاستگۆبێت لە دەربڕینی ئەو شتانەدا، کە نەک هەر لەدەروونی ئەمەوە هەڵئەقوڵێت، بگرە لە دەروونی زۆربەی زۆری زەحمەتکێش و ڕەشوڕوتی گەلەکەشیەوە"( عارف، 2005، 103).

## 2-یاخیبوون لە نەوەی کۆن:

ئەو جۆرە یاخیبوونەیە، کە تێیدا گروپی ڕوانگە بیروبۆچوونی نەوەی کۆن بەتەواوی دەخاتەلاوەو لێیان یاخی دەبێت، ئەمەش لەوەوە سەرچاوەیان گرتوە، ئەم بۆچوونانە کۆنن و ناتوانن لە ئێستادا ڕۆڵیان هەبێت و پێویستە هەموان لێیان یاخی بن، بۆئەوەی ئەم بۆچوونانە بمرن، بەمانایەکی تر یاخیبوونە لەو بۆچونانەی، کە هەر لەبنچینەوە، یان لەگەڵ لەدایکبوونیان مردون، هەر بۆیە د.لوقمان ڕەئوف دەڵێت" یاخیبوون لە کۆن، یاخیبوون نییە لە تەمەنە گەورەکان، بەڵکو یاخیبوونە لەو بۆچوون و ئایدیاو ڕوانینانەی، کە وەك تەختەیەکی کۆن،جگە لە دیاریکردنی سەردەمەکەی خۆیان، هیچ سودێکیان نییە"( ڕەئوف ، 2016 , 188).

لەم سۆنگەیەوە گروپی ڕوانگە ئەو ململانێیەی نەوەی کۆن و نوێ دەناسێنێت، کە بەشێکە لە ژیان و تا ئێستاش بەردەوام لەگەڵ ئەو بۆچوونانەدا دەژین، کە لەڕابردودا لەگەڵی گەورەبوون و خەونیان پێوە دیوە، ئێستەش هەر بەو خواستەوە دەژین، واتە دەیەوێت بڵێت ئیدی ئەم بۆچوونانە ناتوانن بڕوا بە لاوازترین کەسی ئەم سەردەمە بکەن، ئیدی بۆمان باسمەکەن، بۆنمونە لەبەیاننامەکەدا هاتوە" بانگەوازێک لەڕوانگەی ئەدەبیمانەوە درابێت بە گوێی کوڕ و ڕۆڵەکانی نەتەوەکەماندا، تاقیکردنەوەیەک نییە کە دەستپێشکەری تیایا بۆ نەوەی ئێمە بگەڕێتەوە، هەروەکو ڕێگاکانیش نییە هەر بە تەنها ئێمە پیایا ڕۆیشتبین، بەڵکو ئەم دەنگ و خواست و مەبەستانە، کەم و زۆر هەر هەبوون، ئەگەرچی بانگەوازێک لە سەردەمی زانیاری ئەمڕۆ هەڵبدرێت دیارە ئەبێت جیاوازی لەگەڵ نەوەکانی ڕابردوودا بە ئاشکر دیاربن"(ڕوانگە، 2011، 16)یاخود دەڵێت" نهێنی پاشەڕۆژی ڕووناک و سەرکەوتن و زاڵبوونی ئەدەبی تازە و بیری نەوەی نوێ، تەنها لە ڕازانەوە و ئارایشتکردنی دیوی دەرەوەدا نییە، بەڵکو لە چوونە خوارەوەشدا بە بنج و بێخی هەست و نەست و ژیانی ئادەمیزادی سەدەی بیستەمدا... هەموو وشەیەک ئەیەوێت بژی و بجووڵێت و جێگەی خۆی بکاتەوە" (ڕوانگە، 2011، 18)،کەواتە داوای ئەدەبێک دەکەن کە وەڵامی پرسیاری نەوەی ئێستای ئەدەب بداتەوە، نەک ئەدەبێک بریتی بێت لە باسکردن و قسەکردن لەسەر شتە کۆنەکان چ لەڕووی سیما، یان ماناو مەبەستەوە، لەم ڕوانگەیەوە دەڵێن"بەلای ئێمەوە شێوە و ناوەڕۆک لەیەک جیا ناکرێتەوە و هەردووک هەر لە یەک بۆتەدا قاڵ ئەبن و پێکیشەوە لە دایک ئەبن. جا لەبەر ئەوەیە کە ئەڵێین؛ شێوە و ناواخنی ئەدەبیی، تێکرا ئەبێت لە کۆڕی ژیان و بزووتنەوە و تازەکردنەوەدا پەل بهاون و نەشونما بکەن و بدرەوشێتەوە"(ڕوانگە، 2011، 18)، کەواتە ئەدەب لای ئەمان پەیام وئەرکەو لە

شته فۆرمییەکاندا نابینرێتەوە، هەروەها دەڵێت"سەردەمی بەرهەمی دروستکراوی بێ بۆن و ستایش و هەجوی بێ پێز بەسەرچووە و لەو قەڵەمڕەوی دەرەبەگایەتییە ڕزگاری بووە، کە بکرێت بە تاجێکی گەوهەر و مرواری و بە بڕیاری چەند کەسێک بکرێتە سەری یەکێکەوە، نووسەر و شاعیری ئەمڕۆمان، پێویستە ئەو قۆناغی ویقاڕ و فیز و لەخۆباییبوونە کلاسیکیانە بشکێنێ، کە دورەپەرێز و لە سوچێکەوە دابنیشێت، وە تەنها بۆ حەز و ئارەزووی خۆی بهۆنێتەوە و بنووسێت!." (ڕوانگە، 2011، 19).

بەدەرلەمەش لە پوختەی پەیامەکەشیاندا، ئەم جۆرەی یاخیبوونە بەشێوازێکی ترو و وردتر خۆی دەنوێنێت، واتە بەڕاشکاوی دەیناسێنێت، وەک دەڵێت"-نوێخوازە... بۆیە لە کۆن یاخی ئەبێت"سەربەست و ئازادە... بۆیە گشت کۆت و زنجیرێک ئەپچڕێنێت" (ڕوانگە، 2011، 20) ، بەهۆی ئەم هەڵوێستانەی ڕوانگە، بۆچوونی جیاوازیان لەسەر هەبووە بۆ نموونە عزەدین ڕەزا دەڵێت "ڕوانگە ئەدەبی کوردی لە قۆناغێکەوە بردووە بۆ قۆناغێکی تر، لە کۆنەوە بۆ نوێ، ڕوانگە لە حاڵی میللەتی کوردەوە دەدوێ، لە ئازاری ئاشتییەوە تاوەکو ئەمڕۆ، کورد پەروەرو شۆڕشگێڕە، ڕوانگە باسی مرۆڤ دەکا، سنوری تەنگەبەری ناوچەیی دەشکێنێ و خۆی داوێتە ئامێزی جیهانەوە" ( حەسەن، 2001، 94)، ئەگەرچی داواکردنی گۆڕانکاری لەنێوان کۆن و نوێدا یەکێک بوو لە داخوازییەکانی بزوتنەوەی ڕوانگە، بەڵام دواجار نەیتوانی دابڕانێکی تەواو لە نێوانیاندا دروست بکات، جگە لەمەش زیاتر لەژێر کاریگەری ئەدەبی عەرەبیدا بوو وەک لە جیهانی، واتە داواکاریکردنە لە سۆنگەی جێکەوتەوە بووە، بۆیە توانی وریاکردنەوەیەک بهێنێتە گۆڕێ، بەڵام دواجار نەبووە هۆکاری جیاوازی و دابڕان لەنێوان ڕوانگەو پێش ڕوانگە، چونکە بارودۆخەکەش ڕێگربوو بۆ بەردەوام و دابڕانی گروپەکە، هەربۆیە دەڵێت"بانگەوازی ڕوانگە بۆ ئەوە نییە کە سیمای نوێخوازی خۆی بەسەر خەڵکیدا بسەپێنێت، بەڵکو ئێمە دەمانەوێت گەلەکەمان لەوە ڕزگاربکەین کە تێیکەوتووە"، ( حەسەن، 2001، 55)، جگەلەمەش دەڵێت"هەندێ لە ڕەخنەگران وتویانە ئەمانە تەنها بۆ نزیکەی (٥٠) ڕۆشنبیر ئەنوسن و بەرهەم بڵاو دەکەنەوە، کە بێگومان ئەوانیش هەر وەک خۆیان وردە بۆرژوازن" ( حەسەن، 2001، 49)، کەواتە لەبنچینەدا ڕەنگدانەوەی داخوازی گروپەکەیە لەلای خودی نوسەرانیش جێگەی پرسیاربوو، بۆیە نەبوویە داواکارییەکی دەستەجەمعی و کۆدەنگی لەسەر هەبێت ، دواجار بڕیار دروستبکات.

## 3-یاخیبوون لە دەسەڵات:

"ئەو یاخیبوونەیە، کە بەتەواوی دژی دەسەڵات بە کۆی ڕوانین و سیستمەکەیەوە یاخی دەبێت، چونکە نەیتوانیوە ئەو بەڵێن و داواکاری و خواستانە جێبەجێبکات، کە بە خەڵکی دابوو( ڕەئوف ،2016 ، 190 )هەر بۆیە لەسەروبەندی ڕێکەوتننامەی یانزەی ئازاری ساڵی ١٩٧٠، سەرجەم ئەو هیوایانەی دروستبوون سەبارەت بە گۆڕانی ڕژێم و بڕوابوون بە ئازادییەکان، هەموویان لەبیکران و هەمان ڕێچکە دەستپێیکردوە، بۆیە شاعیرانیش هەڵوێستان دەربڕیوە، وەک دەڵێت"نووسەر و شاعیری ئەمڕۆ، شانبەشانی پیشەی نووسین و شیعر وتنی کارگێڕیشە... شۆڕشگێڕیشە... جەنگاوەریشە. ئەو تاقیکردنەوانەی لە ژیانی ڕۆژانەدا ئەدیبی تیا ئەژی و لە کوورەی بەسەرهات و کارەساتەکانیدا جۆش ئەخوات. هەر تەنیا ئەو تاقیکردنەوانەن ڕێگەی پوختەترین و باڵاترین بەرهەمی داهاتووی بۆ خۆش ئەکەن. دوا جار بانگەوازی ئێمە کە لە گەرووی بیری نوێی شۆڕشگێڕییەوە سەر هەڵئەدات و بە کەژاوەی ڕازاوە و نەخشینی تازەکردنەوە ڕێگای سەرفرازی پێشکەوتن ئەگرێتە بەر" (ڕوانگە، 2011، 19)، دیاریکردنی ئەم ئەرکەی نوسەر لەو سۆنگەیەوەیە، دەسەڵات فشاری لەسەر تەواوی چینەکان دروستکردبوو، بۆیە ڕوانگەش لەیەککاتدا داوای یاخیبوون و شۆڕشی دەکرد لە دژی دەسەڵات، چونکە بەدوای ئامانج و مەبەستێکەوە بوون، وەک دەڵێت"بانگەوازی ئێمە تەقینەوەکەی مەبەستەو لەو پێناوەدا دەنگی زوڵاڵی خۆی بەرزئەکاتەوە، بروسکە و چەخماخەی خۆی ئەدات و ئەچێتە کۆڕی جەنگێکی پیرۆزەوە. ئێمە وەها بە ئاواتەوەین کە بتوانین لە کۆڕی ئەو جەنگە پیرۆزەدا سەدان بەهرەی ڕۆشن لەدەم گورگی چەقین و کپبوون بسێنینەوە... سەدان ئەستێرەی گەش لە ژێر باڵی تاریکی دەسێنینەوە... سەدان خونچەی هیوا لەسیسبوون و بگرە سەدان گوڵی بۆنخۆشیش لە هەڵوەرین ڕزگار بکەین، کە ئەمانە هەموو لەم ساتانەی سەرهەڵدانی ئەم سەردەمەی ئێستای ئەدەبەکەماندا مت و خامۆشن و بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی هەڵهاتنی ڕۆژی ڕەنگاوڕەنگی بەختیان ئەکەن" (ڕوانگە، 2011، 20), کەواتە ئامانجی یەکەمی بزوتنەوەکە تەقینەوەو بڵاوبونەوە، یان دەنگدانەوە بووە، ئەمەش هاتوەتەدی.

دەسەڵات لەگەڵ ئەوەی ئاڵای ئازادی و یەکسانی و دیموکراسی بەرزکردوەتەوە، بەڵام بەپێچەوانەوەو بەسیاسەت و لەژێر پەردەی یاسا، زوڵم دەکەن و دەستیان بەسەر مافەکاندا گرتوە و ئازادیان کوشتوە، بۆیە ئەم یاخیبوونەی ڕوانگە لەدەسەڵات، وای کرد ئەو هێڵەی کە پێشتر بەئاراستەیەکی دیاریکراودا دەیبرد بیگۆڕێت، بەشێوازێك هەڵوێستێکی جیاوازتر لە ڕابردوی خۆی بنوێنێت و سڵ لەم بەیاننامەیە بکاتەوە، تاوەکو دەرئەنجامەکەی ڕونبێتەوە.

بەدەرلەمەش لە پوختەی پەیامەکەشیاندا، ئەم جۆرەی یاخیبوون بەشێوازێکی ترو و وردتر خۆی دەنوێنێت، واتە بەڕاشکاوی دەیناسێنێت، وەک دەڵێت"ئێمە نوسینمان قاڵبووی ئازارە... بۆیە دژی ئازار ئەجەنگێت" کەواتە کام ئازار، بۆیە بەشێک لە ئازارەکان، دەرئەنجامی کارەکانی دەسەڵاتن، یان دەڵێت" شۆڕشگێڕە... بۆیە لە ئاستی هیچ کۆسپ و مەترسیەکدا سڵ ناکاتەوە" (ڕوانگە، 2011، 20-21)، کەواتە شۆڕش لەدژی کێ و بۆچی؟ بۆیە ئامانجەکە دیاریکراوە، بەڵام بەڕوانگەی جیاوازەوە خراوەتەڕوو.

## 4-یاخیبوون لە ئاین:

"بریتییە لەو یاخیبوونەی، کە بەتەواوی دژی ئەو پێوەرانەن کە ئاین، یان بەناوی ئاینەوە دەبنە ڕێگر لە هەندێك لە کایەکانی ژیاندا، ئەمەش بێزارێکی زۆی لای گروپی ڕوانگە دروستکردوە، بەئەندازەیەك لە ئاینیش یاخی دەبن "( ڕەئوف ، 196, 2016 )،یاخود بریتییە لە لادان و وەستانەوە لە دژی پرەنسیب و بەها ئاینییەکان، ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتوە کە" لەو ڕۆژگارەدا بۆ یەکەمجار ڕوانگە دەنگی هەڵبڕی و ئازادی ژن و یەکسانی کرد

بەتایتڵی سەر تەوێڵی خۆی، کە ئەڵێم یەکەم جار لێرەدا مەبەستم لەو شاڵاوەیە، کە هەندێ مەلاو خەتیبی کۆنە پەرست کردیانە سەر ڕوانگەو تا خوێن حەڵاڵکردنی ڕوناکبیران بردیان. ڕوانگە دووەم بانگەوازی خۆی بەناوی (ئەی قەڵەمە نەترسەکان)ەوە دەرکردو دەنگدانەوەی گەورەی خۆی هەبوو"(ڕوانگە، 2011، 9)

جگەلەمەش بەرزکردنەوەی دروشمی"وتەی نوێ، بیری نوێ، کرداری نوێ"،لەلایەن گروپی رونگەوە لەژێر کاریگەری دروشمی ئاینی زەردەشتی دا نوسراوەتەوە، ئەمەش واتە یاخیبوونە لە ئاینی ئیسلام و بەجۆرێک لە جۆرەکان گەڕانەوەیە بۆ ئاینی کۆنی کوردان، کە ئاینی زەردەشتییە.

بەدەرلەمەش لە پوختەی پەیامەکەشیاندا، ئەم جۆرەی یاخیبوون بەشێوازێکی ترو و وردتر خۆی دەنوێنێت، واتە بەراشکاوی دەیناسێنێت، بۆنموونە لە بەیاننامەی "(ئەی ئەقڵە نەترسەکان.. یەکگرن)دا هاتووە، (ماوەیەکە کۆنە پەرستانی بە ڕواڵەت فریشتە و بە دەرون شەیتان لەسەر شانۆی ناوبانگ ڕزیوی جادوگەری و تەڵەکەبازی هەر چوار پەلی شکاویانەوە کەوتونەتە سەماکردن "( عارف، 2005، 197)، یان "ئافرەتی کوردی ئەمڕۆ بخەنەوە دۆخی جاران، ئەیانەوێ بەڵێنی کۆیلەیەتیان بۆ تازە بکەنەوە"( عارف، 2005، 198)، یان "ئەی قەڵەمە نەترسەکانی کوردستان، یەکگرن بۆ ڕامالینی بیری تاریک و درۆ و دەلەسەی ئەو شەیتانانەی لە بەرگی فریشتەدا خۆیان حەشارداوە"( عارف، 2005، 199).

## 5- یاخیبوونی ئەدەبی:

مەبەست لەو یاخیبوونەیە کە دژی پرەنسیپە ئەدەبییەکانی ڕابردوو( وێنە، زمان، بیر.....تاد) دەوەستێتەوەو داوای نوێگەری و گۆڕانکاری دەکات، بۆیە"ئەم یاخیبوونە تەنها بە خودی زمان دەکرێت، کاتێک لەو زمانەش یاخی دەبێت، تێکیدەشکێنێ، بەمەش زمانێکی جیاواز بەکاردەهێنێت و ئەویتر ڕەتدەکاتەوە" (غریب، 2015، 120)، لەگەڵ ئەمەشداو بەڕەچاوکردنی ئەم ڕوانینە تەنانەت خودی بەیاننامەکەش بەم زمانە یاخییە نوسراوە، بۆیە بە ئاشکرا ئەوە دەردەکەوێت کە ئەم بەیاننامەیە ئەدەبی شۆڕشگێڕی گەنجانە بوو، چونکە لەڕێگەی ئەدەبەوەو بەگیانێکی شۆڕشگێڕییەوە،هەم گۆڕانکاری ئەدەبی، هەم سیاسی دەکرێ، بەڵام پێچەوانەکەی لەرێگەی بەیاننامەوە ناکرێت، ئەگەر بکرێت قورسە، وەک دەڵێت"ئێمە نەمانویستووە لەڕێگەی سیاسەتەوە ئەم گۆڕانکارییە بدەینە خەڵک، بەڵکو لەڕێگای ئەدەبەوەو لەڕێگای شکاندن و ڕەتکردنەوەی ئەو قاموسە باوەی ئەوکات جەستەی زمان و ئەدەبیاتی کوردی لوول دابوو"( عومەر،2001،410).

بە مانایەکی تر ئەو جۆری یاخیبونەیە، کە گروپی ڕوانگە ئەو زمانە شیعرییەی کە هەیە وەلا دەنێت و زمانێکی تر بەکار دەهێنێت، یان کۆمەڵێک گۆڕانکاری لە شێواز و دەربڕین و ستایلی شیعریشیدا دەکات، تاوەکو لەگەڵ ڕۆحی سەردەمەکەیدا بگونجێ و توانای گوزارشتی هەبێت لە بیرەکان، وەک دەڵێن" "ڕوانگە یاخیبوون و لەهەمانکاتدا گوتاری بەرگری و مانەوە بوو. ئەبوو دەریاچە بەستووەکەی شەستەکان بشکێنرێ. ئەبوو زمانیش گڕ بگرێ. ئێمە ئەو کاتە خاوەنی دیوانی چاپکراویش بووین، بەڵام فەرهەنگی زمانەکە تا ڕادەیەکی زۆر هەر فەرهەنگی زمانی پێش خۆمان بوو. هەرلەو بازنانەی تردا ئەسووڕایەوە. هەڵبەت ئازادی بووە بە سیحری کردنەوەی دەرگای ترو هۆی تەقاندنەوەی ڕوانینی ڕوانگە.. کە ئازادی نەبوو زۆرجار شیعر کڕ ئەکەوێ. ئازادی فەزای ئەدەبە"( عومەر،2001،410)کەواتە زمان شتێکی پیرۆز نییە و دەتوانرێت لەپێناو گۆڕانکاری و گەیاندنی مەبەستەکان، گۆڕانکاری تیابکرێت، بۆنموونە لە بەیاننامەکادا هاتوە سەرسام بووین بەو زمانە تازانەی هاتبوونە نێو شیعر و چیرۆکی عەرەبییەوە و بەتایبەتی لە لوبنان و میسر و هەروەها لە عیراقیشدا. گۆڤاری گالێری( ٦٨)ی میسر و گۆڤاری شیعری لوبنان و ئاداب و گۆڤاری (٦٩)ی شیعری نوێخوازانەی عەرەب لە عیراقدا. ئەمانە هەموویان و بە سەدەها کتێبی نەقدی وەرگێڕراو لە زمانە زیندووەکانی دنیاوە بۆ زمانی عەرەبی. کۆڕ و سیمیناره ئەدەبییەکانی ناو یەکێتی نووسەرانی عیراق. ئەمانە هەموویان ئەو گیانی تازەکردنەوە و گەڕان بەشوێن زمانێکی تازەدا، وایان لێکردین کە ئێمەش لەم کاروانە ڕاچڵەکیوەدا بەشدارییەک بکەین و ئاوڕێک لە زمانی ئەدەبی و فیکری چەقبەستووی خۆمان بدەینەوە." (ڕوانگە، 2011، 6-7)

لە ڕاستیدا یاخیبوونی گروپی ڕوانگە لە زمان، بەشێکی بریتییە لە یاخیبوون لە واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی، بەشێکی تری لاوازبوونی شیعرییە لەو قۆناغەدا، ئامانجیش لەم کارە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگەیە و هەوڵدانە بۆ دروستکردنی کۆ دەنگی و شۆڕش، جگەلەمەش زمان لای گروپی ڕوانگە بەبەردەوامی خۆی نوێ دەکاتەوە، ئەویش بە پێی کۆنتێکستی دەقەکە و پێویستی و ئامانجی گروپی ڕوانگە، یان نوسەرەکە، بۆیە بەبەردەوامی وشەکان، جێکەوتەی خۆیان لای خوێنەر بەجێدەهێڵن، بەدەرلەمەش لە پوختەی پەیامەکەشیاندا، ئەم جۆرەی یاخیبوونە، بەشێوازێکی ترو و وردتر خۆی دەنوێنێت، واتە بەراشکاوی دەیناسێنێت، وەک دەڵێت"جوانی پەرستە... بۆیە ناشرینی ناگرێتە خۆی" (ڕوانگە، 2011، 18)، هەرچەندە لەتیف هەڵمەت لەوسەردەمانەدا، بەگیانێکی یاخی و گەنجانەوە دەڵێت"ڕوانگە هێلکەیەکی پیس بوو هیچی هەڵنەهێنا" ئەمەش ئەوکاتەو بەهۆی بەراوردکردنی لەگەڵ ئەدەبیاتی پێش خۆی و ئەو گۆڕنکارییە نەبینراوە، بۆیە بەهێلکەی پیسی داناوە، لەم بارەوە شێرکۆ بێکەس دەڵێت"ئەگەر وابووایە چەندین چیرۆکی جوانی حسێن عارف و چەندین شیعری پاکی جەلالی میرزا کەریم و چیرۆک و شیعری کاکە مەم و ئێمەی هەڵنەئەهێنا"( عومەر،2001،414) لەڕاستیدا ئەمە کاتێک ڕاستە کە بەراوردی ئەم دووانە بکرێ و ئەو جیاوازیەی کە ڕوانگە دروستی کردووە دەربکەوێت ئەوکاتە دەردەکەوێ هێلکەکە پیس بوو یان نا، من وەک شێرکۆ پێم وایە تەنیا وشیار کردنەوە و بەرهەمهێنایان بەوتەی خۆیان گۆمەکەیان شڵەقاند و بەس، بەمەش بەیاننامەکە هۆکاربوو بۆئەوەی خێراترو بەرهەمی زۆرتر بنوسن، چونکە بە بەراورد بە بەرهەمی پێش ڕوانگەو دوای ڕوانگەی هەمان نوسەران، ئەو جیاوازیە دیارەی، کە ڕوانگە دروستی کردبێت ڕوینەداوە، واتە ڕێچکەی نوێی بۆ ئەدەب و ڕەخنە نەهێناوەتە گۆڕێ، هەرچەندە بەیاننامەکەش بە ئاشکرا ڕایدەگەیەنێت، کە مەبەستی سەرەکی شڵەقاندنی گۆمەکە بووە.

## 6-یاخیبوونی کۆمەڵایەتی:

ئەو جۆرە یاخیبوونەیە، کە گروپی ڕوانگە بە ئاشکرا دژی ئەو پێوەرە کۆمەڵایەتیانە دەوەستێتەوە، کە بۆ ژیان و کۆمەڵگە دیاریدەکرێن، ئەم

یاخیبوونەش ئەنجامی بێزاربوونی گروپی ڕوانگەیە لەو پێوەرە کۆمەڵایەتیانە، بەدرێژایی مێژوو، ئەگەرچی زۆرجار بەها کۆمەڵایەتییەکان گرنگی و بایەخێکی تایبەتیان هەیە و هەندێک جاریش لای هەندێک کۆمەڵگە دەگاتە پیرۆزی و ناتوانرێت دەستی لێهەڵبگیرێت، یان سازشی لەسەر بکرێت، تەنانەت ئەگەر ڕێگری ئازادیەکانیش بێت، لەم سۆنگەیەوە گروپی ڕوانگە لە تەواوی داب و نەریتەکان چ لە سەردەمی خۆیدا، یان پێشتر یاخی دەبێت، بەهۆی دواکەوتویی، یان نەزانی و.... تاد، ناتوانن وەڵامی خواستی بیری گروپی ڕوانگە بدەنەوە، ئەمانەش بەهۆی ئەوەوەیە کە" نوسەریش وەک هەر مرۆڤێکی تر خاوەنی هەست و سۆزە و بەخێرایی دەکەوێتە ژێر کاریگەری و کارلێکی کێشەکانی ژیانەوە، کە مرۆڤی سەردەم پێیانەوە دەناڵێنێت، ئیتر ئایا ژینگە، یان ئەو شوێنەی تێیدا دەژی بەرهەمیان بهێنێت، یان ئەگەر ئازارە گشتیەکانی مرۆڤ، کە هەموان هەستی پێدەکەن. (قمیحە، 1987، 119) لەم سۆنگەیەوە گروپی ڕوانگە یاخیبوون لە نەوەی کۆن و بیرکردنەوەی کۆن ڕادەگەیەنێت، بەوەی دیسانەوە ناتوانێت وەك پیرەکان، یان باو وباپیری لە ژیان و واقیعی ڕۆژگار بڕوانێت، گروپی روانگە دەیەوێت بڵێت ئەم هەرێمە ئەوەندەی پێوەرە داب و نەریتیی و خێڵەکی و کۆمەڵایەتییەکان، کاریگەریان لەسەر بڕیارو ژیانی سیاسی و رۆشنبیری هەیە، ئەوەندە یاساو مۆدێرنەبوون ڕۆڵی نییە.

یاخود دەڵێن"قوتابخانەی مرۆڤایەتی پێشێلکراوی ناو ئەم جیهانە... قوتابخانەی ڕانەوەستانە لە بزووتن و پێشکەوتن... قوتابخانەی هەڵچوون و یاخیبوونە لە ڕووی هەر کۆت و زنجیرێکدا کەبیەوێت بەر لە تەقینی کانیی ئاواتی لە بنەهاتووی ئەدەبیان بگرێت؟ نە گریان و نە دۆش دامان و نە فرمێسک ڕشتنی ڕۆمانتیکیەکان. وە نەگرتنی ئەو وێنە فۆتۆگرافییە بێ بزوتنەوانەی ڕیالیزمییەکانیش" (ڕوانگە، 2011، 8) کەواتە داوای ئەدەبێک دەکەن، کە لەگەڵ ڕەوتی ژیان و قۆناغەکەدا بگونجێت، یان ڕەنگدانەوەی ئەمەبێت، چونکە دواجار بیرو ئایدیاکانی ناو شیعر تەنانەت ئەگەر باسکردن بێت لەڕابردوش، دەبێت بە گیانێکی نوێ و مۆدێرنەوە بێت، هەر لەبەر ئەمەشە دەڵێن" لەسەرەتای بەهاری ١٩٧٠ چوار ئەدیبی لاوی خوێن گەرم کە داخ و خەفەتی دواکەوتویی و باری ناهەمواری ئەدەبی نەتەوەکەیان، لە مێژەوە جەرگیانی کلۆر ئەکرد و سوێی ئەکردە دڵیانەوە، لە دانیشتنێکی چوار قۆڵیدا یەکیان گرت و کەوتنە هەڵڕشتنی ڕاز و پەنهانی ناخی دڵ و دەروونی خۆیان بۆ یەکتر"، (ڕوانگە، 2011، 13) ، بەڵام لە بەیاننامەکەدا کە لە لاپەڕە (٢١) دا هاتووە، (٥) کەس ناویان نوسراوە، جگە لەمەش یەکێکی تر لەو ڕەخنانەی کە لێیان دەگیرێت بریتییە لەوەی ئەگەر لە مێژە ئەم بیرۆکەیە هەیە، بۆچی ئەگەر بەتاکیش بێت لە بەرهەمەکانیاندا ڕەنگی نەداوەتەوە، بەڵام وەک بیرۆکە هەبووە، بەڵام وەک ڕەنگدانەوە ئەوەی کاریگەری لەسەر بەجێهێشتن لەو ساتەدا خستیانەگەڕ، وەک دەڵێن "زۆری پێنەچوو بەشێک لەوەی لە ناخیاندا بوو دایانڕشتە ناو بانگەوازێکەوە و ئاگریان داو تووڕیان دایە سەر بەستەڵەکی سەهۆڵ"، (ڕوانگە، 2011، 13)، کەواتە ئەوەی هەبوو بۆچوون و هەست بووە و نەبووەتە بیرۆکە و لە بەرهەمەکانیاندا ڕەنگبداتەوە، هەروەها ئامانج بڵاوکردنەوەی بوو، نەک لەمانەوە دەستپێبکات، جگە لەمەش لەو بەرهەمانەی کە ئەمان لە هەرسێ ژمارەی ڕوانگەدا بڵاویانکردۆتەوە، بەوتەی خۆیان" نەیانتوانیوە گشت ئامانجە نوێخوازەکانیان بدەن بە دەستەوە، (ڕوانگە، 2011، 14). کەواتە بۆچی نەیانتوانی، کە دەبوو ئامانجە سەرەکیەکە ڕەنگی بدایەتەوە! .

## ئەنجام

لەئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەگەینە ئەوەی کە:

### ئەنجامی گشتی

1. یاخیبوون دیاردەیەکی مرۆیی سروشتیی و کۆنەو لەگەڵ بوونی کۆمەڵ و کۆمەڵگەدا بوونی هەبووە.
2. یاخیبوون هۆکارێکە بۆ ناچارکردنی بەرامبەر، لەپێناو گوێگرتن و تێگەیشتن لە داواکارییەکان
3. کامۆ بە ڕابەرو ناسێنەری یاخیبوونی ئەدەبی و فەلسەفی دادەنرێت.

### ئەنجامی تایبەتی

1. بەیاننامەی گروپی ڕوانگە لەبنچینەدا بەیاننامەیەکی ئەدەبییە، بەڵام بە زمانێکی ئەدەبیی سیاسی نوسراوە.
2. بەیاننامەکە گشتگیرەو ئامانج لێیی هەنگاونانە بە شێوازێکی نوێ.
3. گروپی ڕوانگە لە هەلومەرجێکدا سەریهەڵدا، کە شوڕشی گەلی کورد سەرقاڵی دانوستان بوون، بۆیە ئەمە هۆکارێک بوو بۆ ڕەخساندنی هەل و خێرا ڕاگەیاندنی .
4. یاخیبوونی سیاسی و ئاینی، سیمایەکی زەق و دیاری بەیاننامەکەن، چونکە ئەم دوانەیان بە بەربەستی سەرەکی گۆڕانکارییەکان دەزانی.
5. گروپی ڕوانگە ئەوەندەی هەژانێکی قۆناغەکە بوو، ئەوەندە شەپۆلێکی گۆڕانکاری بەدوای خۆیدا نەهێنا.
6. زۆربەی بۆچونە ڕەخنەییەکان لەسەر ڕوانگە، لەو سۆنگەیەوەیە، کە بەیاننامەکە لەخۆی گرتوە، نەک هەڵسەنگاندنی بەرهەمی نوسەرانی گروپی ڕوانگە.

## سەرچاوەکان:

**یەکەم: کوردییەکان:**

عارف، ئا:حسین، ٢٠٠٥ ، ڕوانگەو یارو نەیارانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی،چ1

حەسەن، شادمان قادر،٢٠٠١ ، بزوتنەوەی ڕوانگەو شیعری نوێی کوردی،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی

ڕوانگە،٢٠١١ ،هەرسێ ژمارەی گۆڤاری ڕوانگە، سلێمانی.

عومەر،ئا:یاسین،ئەزموون،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،سلێمانی،٢٠٠١

**دووەم:عەرەبییەکان:**

شاخت، ريشارد، ١٩٨٠، الاغتراب، ت:كامل يوسف حسين، الموسسه العربيه للدراسات و النشر، بيروت، ط1

بدوي، عبدالرحمن،١٩٨٠، دراسات في فلسفة الوجودية، بيروت، ط١

الخطيب، قحطان فواد، ١٩٦٧ ، مصطلحات مختاره فى الادب و اللغه و الدراما، مطبعه الجمهوريه، الموصل

جعفر، محمد راضى،١٩٩٥ ، الغربه و الاغتراب فى الشعر العراقى المعاصر، جامعه بغداد: التربيه(ابن رشد)

العشماوى، محمد زكى،١٩٨٦ ، دراسات في النقد الادبي المعاصر، بيروت

قميحه، مفيد محمد،١٩٨٧ ، الاتجاه الانساني في الشعر العربي المعاصر، ط١، بيروت

لوبيسك، مورفان،١٩٨٥، البير كامى،حياته و ادبه و فلسفته من كتاباته، ت: حسين نديم، دار النهظهالعربيه

محمد، يحى، مفهوم،١٩٨٤، التمرد عند البير كامو و موقفه من الثورة الجزائرية، ديوانان، المطبوعات الجامعية، ط2،

**نامەکان:**

الطيب، عثمان ، ٢٠١٧، شعرية التمرد في الشعر الحديث، رسالة ماجستير، جامعة محمد بو ضياف، الجزائر

رحمة، زاوش،٢٠١٢ ، التمرد في السير ذاتي النسائي العربي المعاصر، سيرة نوال السعداوي، رسالة ماجستير، جامعة السايبنا، وهران، الجزائر

العزب، محمد احمد،٢٠١٦، ظواهر التمرد في الشعر العربي المعاصر، رسالة دكتورا، جامعة الازهر

**گۆڤارەکان:**

**یەکەم: کوەردییەکان:**

ڕەئوف، د.لوقمان،٢٠١٦ ، یاخیبون لەشیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا، مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية،مجلد11، عدد 2 .

**دووەم: عەرەبییەکان"**

زكريا، د.فوأد،١٩٦٥ ، الثورة و التمرد عند البير كامو، مجلة الفكر المعاصر، العدد الثالث، مايو